نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە محەمەد شیاع سودانی دەکات

نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی لە محەمەد شیاع سوودانی دەکات بەبۆنەی دووبارە دەستنیشانکردنەوەی بۆ ئەمینداری گشتی لە لایەن ڕەوتی فوراتەین.

ئەمڕۆ شەممە، 26ـی نیسانی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس پیرۆزبایی لە محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد و رایگەیاند: "پیرۆزبایی لە برای بەڕێزم، محەمەد شیاع سوودانی دەکەم بە بۆنەی دووبارە دەستنیشانکردنەوەی بۆ ئەمینداری گشتی لە لایەن ڕەوتی فوراتەین."

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەشڵێت، "ئەم دەستنیشانکردنەوەیە ڕەنگدانەوەی پێزانینی جەماوەرە بۆ ڕێباز، ئەزموون و ئامادەیی کاریگەری ئەو لە سەر ئاستی نیشتمانی. ئێمە ئەو ڕۆڵەی لە هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین و چاومان لە درێژەپێدانی پێکەوەکارکردنی بەرهەمدارە بۆ بەرژەوەندیی عێراق و سەقامگیرییەکەی."